## باوکیك له مەریوان سەری کچەکەی له لەشی جیا کردەوه

له چەند رۆژی ڕابردوودا گوێ بیستی هەواڵێکی زۆر سەرسوورهێنەرو دڵتەزێن بووین، کچێکی بێ گوناهی کورد له شاری مەریوان بوو به قوربانی دابو نەریتی کۆن کۆمەڵگاکەمان، کچێکی تەمەن 18 ساڵ به دەستی دڵرەقانەو بێرەحمانەی باوکی دەکوژرێت.

زۆر بەداخەوه شەوی پێنج شەممە 24ی گەلاوێژی 1387ی هەتاوی، فریشته نەجاتی خەڵکی گوندی کانی دینار سەر به شاری مەریوان له لایەن باوکییەوه بەو پەڕی دڵرەقیو به شێوەیەکی دڕندانه دەکوژرێت. ئەوەی لەم پێوەندییەدا سەرسوورهێنەره، شێوەو چۆنیەتیی کوشتنی ئەو کچەو هەروەها هۆی کوشتنەکەیەتی!

فریشته نەجاتی له تەمەنی 14 ساڵاندا به زۆرەملی له لایەن بنەماڵەکەیەوه ناچار دەکرێت لەگەڵ پیاوێکدا که به دڵی نەبووه، ژیانی هاوبەش پێك بێنێت، پاش ماوەیەك فریشته به هۆی کێشەو ناکۆکی لەگەڵ هاوسەرەکەی، لەیەك جیا دەبنەوه. دواتر فریشته له مالی باوکیدا دەژیتو دەمایەوه. چەند رۆژ بەر لەو رووداوه لەگەڵ باوکیدا تووشی کێشەك بووو پەنای بۆ مالی مامی بردبوو، بەڵام باوکی فریشته نەجاتی ئەوی له ماڵی مامی هێنابووه ماڵی خۆیو رۆژی 26ی گەلاوێژی 1387ی هەتاوی سەری له لاشەی جیا کردەوه! ئەم رووداوه ویژدانی هەموو خەڵکی شاری مەریوانو هەموو ئەو کەسانەی که گوێ بیستی هەواڵه دڵتەزێنەکه بوون، هەژاندو بووه مایەی نیگەرانیو بێزاری لەو کردەوه نامرۆڤانەیه دژ به کچێك.

به دەست پێشخەری "کۆمەڵەی پشتیوانی له ژنانی مەریوان"و بەشداریی خەڵکی دەڤەری ئەو شاره له دژی کوشتنی فریشته نەجاتی به دەستی باوکییەوه به شێوەیەکی دڕندانه رۆژی شەممە 26ی گەلاوێژ خۆپێشاندانێ وەرێ خرا، خۆپێشاندەران ئەو کردەوەیان به توندی مەحکووم کرد. شایانی باسه ژمارەی خۆپێشاندەران که له 2000 کەس تێدەپەڕیو به هەڵگرتنی تەرمی سەر بڕاوی فریشتەو وتنەوەی درووشم له چوارچێوەی شەرمەزارو مەحکووم کردنی ئەو کردەوه نامرۆڤانەو هەر چەشنه کردەوەیەکی دیکەی هاوشێوه، بۆ ماوەی چەند سەعات خۆپێشاندانەکەیان درێژه پێدا.

ئەم شێوه کوشتنه نامرۆڤانەو دڵرەقانەیه له هەموو یاسا، ڕێساو بەهاو پرەنسیپێکی ئینسانیو کۆمەڵایەتی به دوورەو بێگومان خاڵێکی زۆر نیگاتیڤو نەرێنی له سەر بیرو بۆچوونەکانی گەلانی دەورووبەر له سەر کولتوورو کۆمەڵگای کوردستان دەبێت .






قتل عمد تهدید آشکار امنیت جامعه است.
جامعه حمایت زنان مریوان
oktoberr.org
26-05-87 15:04


قتل خودسرانه‌ی
oktoberr.org

